# فشه هه‌ڵوێست

حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

سه‌رۆ قادر (که له‌وساوه بووه به به‌رپرسی ڕاگه‌یاندنی پدک، ڕێی نه‌داوه له هیچ که‌ناڵێکی سه‌ر به ئه‌و حیزبه‌وه، دێڕێکی کۆمه‌ڵێک نووسه‌ری ئازاد، تێپه‌ڕ ببێت،) له <خه‌بات>دا ده‌نووسێت: (فه‌رید ئایاری گوته‌بێژی کۆمیسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنی عێراق، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی گوتوویه‌تی: به قسه‌ی کورد بێت، چونکه له ئه‌ورووپا هه‌میشه به‌فر یان بارانه، نابێت هه‌رگیز هه‌ڵبژاردن له‌وێ بکرێت، توانجه ده‌بێت داوای لێ بوردن له کورد بکات.)*

فه‌رید ئایار، ڕاستی بۆ چووه، کوردی دووره‌ده‌ست و ناوچه شاخاوییه‌کان ده‌توانن، بۆ نموونه مانگێک پێش واده‌ی هه‌ڵبژاردن ده‌نگ بده‌ن و بۆ شاره گه‌وره‌کانی بنێرن. یان خۆ هه‌رێم له سایه‌ی سێزده ساڵ گه‌نده‌ڵیدا وه‌ک ئه‌ورووپای پێشکه‌وتووی لێ هاتووه، بۆیه خه‌ڵکی کوێستانه‌کان ده‌توانن له ڕێی پۆستی ئاسایی یان ئه‌له‌کترۆنییه‌وه، ده‌نگ بده‌ن!

فه‌رید ئایار مه‌به‌ستی خاوێنه، ئاخر ئه‌و سه‌ر به نه‌ته‌وه‌ی براگه‌وره‌یه و برای گه‌وره‌ش له برا بچووک هۆشیارتره. ئه‌وانه سووکایه‌تی به کورد ده‌که‌ن که ڕیشی خۆیان به فه‌رید ئایاره‌کان سپاردووه، ئه‌گه‌ر ئێمه له ئاستی عێراقدا خۆمان وه‌ک ئه‌تره‌ش نیشان دابا، فه‌رید با هه‌ر <حیکایه‌ت غه‌رامی>**گوتبا!

دوای هه‌ڵبژاردن کاک مه‌سعوود سه‌رۆکی هه‌رێمی کوردستان ده‌بێت و مام جه‌لالیش سه‌رۆکی کۆماری عێراق! وه‌لێ من ترسی ئه‌وه‌م هه‌یه له هه‌ڵبژاردندا شاپه‌رسته‌کان سه‌رکه‌وتنێکی وا تۆمار بکه‌ن، ڕژێمی پاشایه‌تی بگه‌ڕێنه‌وه! له‌وه تۆقیوم، مام جه‌لال خۆی بۆ پۆستی سه‌رۆکی کۆمار کاندید بکات و عێراق ببێته‌وه به مه‌مله‌که‌ت! ئاخۆ ئه‌وسا کاک فه‌رید به ڕێژنه‌ی پلار و توانج، سنگمان ناکاته بێژنگ!

هه‌ر چی فه‌رید ئایار گوتوویه‌تی، کوردی خۆ به بچووک زان، وه‌ک ده‌قی پیرۆز سه‌رنجی داوه و هه‌مووی ڕه‌چاو کردووه، بۆیه تازه نواندنی فشه‌هه‌ڵوێست، هیچ ده‌ردێک تیمار ناکات، ئاخر پێش ئه‌وه‌ی شه‌ڕه‌که هه‌ڵگیرسابێت، کورد دۆڕاندوویه‌تی.

له عێراقدا، ئه‌وی ناوی هه‌ڵبژاردنه، ده‌بوو ناوی سه‌پاندن بێت، ئه‌وی ناوی پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیبیانه، ده‌بوو ناوی شێواندنی ئاسایشی هاووڵاتیبیان بێت، ئه‌وی ناوی وه‌زاره‌تی به‌رگرییه، ده‌بوو ناوی وه‌زاره‌تی هێرشبردن بێت، ئه‌وی ناوی ده‌زگای فێرکردنه، ده‌بوو ناوی ده‌زگای جه‌هل بێت، ئه‌وی ناوی برایه‌تیی عه‌ره‌ب و کورده، ده‌بوو ناوی دوژمنایه‌تیی عه‌ره‌ب و کورد بێت! بۆیه پێش فه‌رید ئایار ده‌بێت ئه‌وانه داوای به‌خشین له کورد بکه‌ن، که دۆزه‌خی عێراقی وه‌ک به‌هه‌شت پێ ده‌ناسێنن.

2004. 12. 10

* سه‌رۆ قادر، پێویسته فه‌رید ئایار داوای لێبوردن بکات، خه‌بات ٢٠٠٤/١٢/٩ ل (١)

** حكايه غرامي گۆرانییه‌كی (فريد الأطرش)ه. أطرش: كه‌ڕ.